
رۆمان
ژیانەوە بە کاتی سیروان
مەنسوور تەیفووری
دوکتۆر بەختیار سەجادی
لە پێناوی فۆرمدا: ڕۆمانی کوردی و هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی
(بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی "ژیانەوە بە کاتی سیروان")
@KURDISHBOOKHOUSE
تایبەت بە کەناڵی تلگرامی ماڵی کتێبی کوردی

# لە پێناوی فۆرمدا: ڕۆمانی کوردی و هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی[1]

## (بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی "ژیانەوە بە کاتی سیروان"، بەرهەمی مەنسوور تەیفووری)

**دوکتۆر بەختیار سەجادی[2]**

**پێشەکیی یەکەم: گرنگایەتیی ژانری ڕۆمان**

ڕۆمان چەشنێکی ئەدەبییە کە لە سەردەمی مۆدێرندا لە ئوروپا سەری‌هەڵدا. مەبەست لە سەردەمی مۆدێرن لێرە قۆناغی پاش‌ڕێنێسانە، واتە سەدەی هەڤدەهەم بەم لاوە. زاراوەی «مۆدێرن» لەم بەستێنەدا چ پێوەندییەکی بە مۆدێرنیزمی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە نییە و، زیاتر گرێدراوی چەمکی ئۆمانیزم یان مرۆڤخوازییە کە وەکوو بەرهەمێکی مەعریفیی ڕێنێسانس، تا ئەم دواییانەش بەردەوام بووە. ئەدەبی چیرۆک بە مانا مۆدێرنەکەی، واتە جیاواز لە چیرۆکە جۆراوجۆرکانی فۆلکلۆر یان ئەدەبی کلاسیک، بە گشتی تەنها لە سەردەمی مۆدێرندا دەرکەوتووە. کورتەچیرۆک، وەکوو ژانرێکی تری ئەدەبی چیرۆکی مۆدێرن، لە وێژەی ئینگلیسی و فەرانسەویدا، لانی کەم سەد ساڵ پاش ڕۆمان وەدەرکەوت. واتە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ تەمەنی کورتەچیرۆک لە جیهاندا نەگەیشتووەتە دوو سەد ساڵ. ئەدەبی چیرۆک بە هەر شەش لقوپۆپەکەیەوە (ڕۆمان، کورتەڕۆمان، کورتەچیرۆکی بڵند، کورتەچیرۆک، کورتەچیرۆکی کورت یان کورتیلەچیرۆک و مینیماڵ) ئەدەبێکی تازەیە و، خودی وشەی نۆڤێل لەو زمانانەی کاریگەریی لاتینیان بەسەرەوەیە بە مانای نوێ و تازەیە.

گەرچی چەندین ڕوانگەی تیۆریک دەربارەی سەرهەڵدانی ڕۆمان وەکوو ژانرێکی ئەدەبی لە لایەن بیردارێژانی ئەدەبی و فەرهەنگییەوە ئاراستە کراون، بەڵام گرنگترینیان ئەوانەی ئایان وات و میخاییل باختیینن کە هەر کامیان قامکیان خستۆتە سەر لایەنێکی دیاریکراو لە بابەت سەرهەڵدان و بووژانەوە و لێکەوتەکانی ڕۆمانەوە. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕۆمان و جۆرەکان و تایبەتمەندییەکانی، نەک هەر لە تیۆریی ئەدەبیدا و بەڵکوو تەنانەت لە بەشێکی گرنگی فەلسەفە و جوانیناسیشدا بۆتە جێگەی مرۆمشت. هێگێل و لوکاچ سەبارەت بەم پرسە دوو ڕوانگەی بەرچاو و جیاوازیان درکاندووە،

ئایان وات، وەکوو بیردارێژێکی کلاسیکی ئەدەبی چیرۆکی مۆدێرن، سەرهەڵدانی ڕۆمان دەبەستێتەوە بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت ئابوورییەکانی کۆتایی سەدەی هەڤدەهەم

[1]. جێی ئاماژەیە کە ئەم وتارە بۆ یەکەم جار بلاودەبێتەوەو ماڤی بڵاوکردنەوەشی لە لایەن نووسەرەوە سپێردراوە بە کەناڵی ماڵی کتێبی کوردی و دووبارەبڵاوکردنەوەی بە ئاماژەدان بە سەرچاوە «کەناڵی تلگرامی ماڵی کتێبی کوردی/ @kurdishbookhouse» ڕێگە پێدراوە.

لازم بە ذکر است کە این متن برای نخستین بار منتشر می شود و حق انتشار اختصاصی آن از طرف مولف بە کانال تلگرام خانە کتاب کُردی واگذار شدە است، لذا هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «کانال تلگرام خانە کتاب کُردی @kurdishbookhouse» مجاز می باشد.

[2]. پرۆفیسۆری یاریدەری ئەدەبی ئینگلیزی و سەرۆکی بەشی زمان و ئەدبی کوردی زانکۆی کوردستان

و دەستپێکی سەدەی هەژدەهەمی کۆمەڵگای ئوروپای ڕۆژئاواوە. هەر بۆیەش، وات تیشکی خستۆتە سەر ڕەوتی گەورەبوونەوە و بەرفراوانتربوونی شارەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و گۆڕانکارییەکانی جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەریی و پیشەسازیی چاپ و، لە هەموویان گرنگتر، گەشەکردن و پاشان مسۆگەربوونی «تاکایەتی» نەک هەر لە هەڵسوکەوتی تاکی ڕۆژئاواییدا بەڵکوو لە ناسنامەی سووژەی مۆدێرنی ڕۆژئاواییدا و تەنانەت وەکوو مۆرکی زەقی لایەنی تاکەکەسیی بابەتی کۆمەڵایەتی.

میخاییل باختین، لە لایەکی ترەوە، پێی وا بوو ڕۆمان گەرچی بەردەوام وەکوو چەشنێکی ئەدەبیی مۆدێرن لە قەڵەم دراوە، بەڵام خاوەنی پێشینەیەکی پتەو و دیاریکراوە و هەر بۆیەش دەکرێ بە سانایی باس لە پێش‌مێژووی گەشەکردنی ڕۆمانی مۆدێرن بکرێ. لەم پێناوەشدا، باختین لێکۆڵینەوە بەپێزەکانی خۆی لەمەڕ قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی ڕۆمان ئاراستە کرد و لەم ڕەوتەشدا ئاوڕی لە هەندێ ژانری چیرۆکەشیعرئاسای سەردەمی کەونارا و بە تایبەت یۆنان و ڕۆمی کۆن دایەوە و جەختی لەوە دەکردەوە ئەم گەڕیانە لە چەرخەکانی ناوەڕاستیشدا و بە تایبەت لە سەدەگەلی دوانزە بۆ چواردەی زایینیدا لە ڕواڵەتی کارناڤێڵدا وەدەرکەوتووە. باختین لە قۆناغێکی تری توێژینەوەکانیدا کاری لەسەر پەرەپێدانی ئەو بیرۆکەیە کرد کە لە سەردەمی ڕۆنێسانسدا ئەمە ژانری شانۆیی فارس بوو کە وەکوو کۆمێدییەکی هەڵبەزدابەز توانی لە قۆناغی پاش چەرخەکانی ناوەڕاستدا درێژە بە ئەرک و پێگەی کارناڤێڵ بدات. ڕۆمان، لە ڕوانگەی باختینەوە، لە پڕێکدا سەری هەڵنەداوە و بەڵکوو لە بنەڕەتدا و بە ڕاستی درێژەی کارناڤێڵی چەرخەکانی ناوەڕاست و فارسی ڕۆنێسانس بووە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆمان، ڕێوڕاست وەک کارناڤێڵ و فارس، دەست دەکات بە ڕەخنەگرتن لە هەستی درۆیینی خۆبەناوەندزانینی مرۆڤ. گیانی مرۆڤخوازانەی زاڵی سەردەمی ڕۆنێسانس و پاش ڕۆنێسانس لە لایەکەوە و، ماتێریالیزمی دوورەپەرێز لە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی ترەوە، دوو هۆکاری سەرەکیی یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ڕۆمان زیاتر ئەرکی بکەوێتە سەر شان و بە شێوەیەکی بەرفراوانتر هەستی لەخۆبایی‌بوون و خۆبەچەقدانانی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن بکاتە ئامانجی تیز و توانجەکانی خۆیەوە.

بێجگە لە ڕوانگەکانی ئایان وات و میخاییل باختین، توێژەرانی بواری لێکەوتەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆمان دەکارن ئاوڕ لە بیر و هزری هەندێ فەلسەفەوان و ڕەخنەگری بەنێوبانگی تر بدەنەوە کە لێرەدا دەشێت ئاماژە بۆ ناوی هێگێل و دواتر لوکاچ بکەین. هێگێل گەرچی لە کۆتاییەکانی سەردەمی تەشقی ڕۆمانتیسیزمدا دەژیا، بەڵام بە سەرنجدان بە زاڵێتیی ریالیزمی هاوسەردەمی خۆی، خێرا و بەر لە هەر بیرمەندێکی تری سەدەی نۆزدەهەم بە باشی لەو خاڵە تێگەیشتبوو کە ڕۆمان ژانری سەردەمە. ئەو بە وردی ئاگاداری جۆری تایبەت و دەرئەنجامەکانی سیستەمی جوانیناسانەی ڕۆمان بوو. هەڵسوکەوتی هێگێل لەگەڵ ڕۆماندا لە بنەڕەتدا بە تایبەتمەندییەکی دژوازی کۆی سیستەمی فەلسەفیی هێگێل دادەنرێ چونکە بەشێکی بەرچاوی سەرجەم فەلسەفەی هێگێل لەسەر بیر و بیرۆکە ڕۆمانتیکەکان دامەزراوە و هێگێل پێش هەر شتێ خوێنەر و ڕەخنەکار و بەشێکی دانەبڕاو بوو لە بزوتنەوەی ڕۆمانتیسیزم، کەچی ڕۆمان نەک هەر لە قوتابخانەی ریالیزمدا بووژایەوە بەڵکوو تەنانەت بوو بە مۆرکی سەرەکی ڕۆمانی سەدەی نۆزدەهەم؛ بە چەشنێک کە باسکردن لە «شیعری ریالیستی» هێندە ڕووی لە داکشان کرد کە بە کارهێنانی ئەم زاراوەیەی لە لایەن هەندێ ڕەخنەگری ئەوسا و ئێستاوە زیاتر دەبێتە هۆی سەرسڕمان و ڕاچڵەکین تاوەکوو تێڕامان و وردبوونەوە.

لوکاچ، بەڵام، سەرەڕای داگەڕانە کانتییەکانی، قوتابیی بەوەفای هێگێڵ بوو لە دەڤەری شیکردنەوەی دەور و قورسایی ڕۆمان لە سەردەمی هاوچەرخدا. لوکاچ بە ئاشکرا ئەو بیرۆکەیەی دەربڕی کە مرۆڤ بۆ دەستنیشانکردنی پێگە و دەوری ڕۆمان لە قۆناغی هەنووکەییدا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دەور و پێگەی ژانری حەماسە لە یۆنانی کۆندا. لوکاچی پیر، بە پێچەوانەی لوکاچی گەنج، جەختی لەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسییەکانی ڕۆمان دەکردەوە و بەم ڕوانگەیەشیەوە بەرهەڵستی بۆچوونە ڕەسەنەکانی سەردەمی گەنجێتیی خۆی بووەوە کە پێی وابوو پێویستە لە ڕۆماندا بە دوای جۆرێکی تایبەت لە جوانیناسیی مۆدێرندا بگەڕێین. لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیی ئێمەدا و لەبەر چەند هۆکارێکی دیاریکراو کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە ئەمە زیاتر لوکاچی پیر بوو کە ناوی دەرکرد و زۆر کەس ئاوڕیان لە ڕوانگەی وردەکارانەی لوکاچی گەنج لەمەڕ جوانیناسیی مۆدێرن بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی نەدایەوە.

ئەو کورتە ئاماژانەی سەرەوە سەردێڕی کۆمەڵێ پرسی جیدی پێکئەهێنن لە ئاقاری لێکۆڵینەوەی تیۆرییەکان سەبارەت بە سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆمان. لەم پێشەکییە کورتەدا چیتر نامەوێ باسی ڕوانگەکانی ئەو چوار بیرمەندە گەورەیە سەبارەت بەم بابەتە بکەم. خوێنەری تامەزرۆ دەتوانێ ئەو نامیلکانەی من سەبارەت بەم باسانە بخوێنێتەوە کە لە ڕواڵەتی چەندین نامیلکە و نووسینی دوورودرێژی چەند سەد لاپەڕەییدا بۆ قوتابیانی قۆناغی ماستێر و دوکتۆرای ئەدەبی ئینگلیسی دامناون و لەواندا هەوڵم داوە گەلێک مژاری تری پێوەندیدار بەم پرسانەوە بە چڕوپڕی و قۆناغ دوای قۆناغ لێکبدەمەوە.

## پێشەکیی دووەم: ڕۆمان وەکوو ژانری زاڵی ئێستا

زۆرم پێ سەیرە تەنانەت ئێستاکەش و لە ساڵی ٢٠١٧دا کەسانێک هەن بە شانازییەوە و بەو پەڕی خۆشحاڵەییەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن شیعر هێشتاکانێ ژانری زاڵی ئەدەبی کوردییە. ئەوان تازە بە تازە خەریکن لاپەڕەکانی هەفتەنامە ناوچەییەکان پڕ دەکەن لە کۆمەڵێ یاداشتی کورت بە تیتری گەورەوە دەربارەی ڕێبازێکی شیعری. هەر جۆرە هەوڵێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ بۆ پەرەپێدانی ئەو دیدەی شیعر بە چەشنی ئەدەبی زاڵی سەردەم لە قەڵەم دەدات لە ڕاستیدا جۆرێکە لە بەرهەڵستکاریی لە هەمبەر بەشێکی بەرچاوی هەوڵە ناتەواو و نیوەچڵەکانی هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئاکادێمکی کوردی لە یەک سەدەی ڕابردوودا بۆ گەشەپێدانی ئەدەبی چیرۆک و شرۆڤە و بەرجەستە کردنەوەی پرسە پێوەندیدارەکان بە دۆخی ناهاوسەنگی گوتارە ئەدەبی و فەرهەنگی و تەنانەت فیکرییەکانیشەوە.

خۆدوورخستنەوە لە ڕۆمان و بە کەمدانانی و، سووککردنی سەرجەم ژێرلقەکانی ئەدەبی چیرۆک و بە تایبەت ڕۆمان، لە بنەڕەتدا جۆریکە لە بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلە جیاجیا و هەندێجار نەزۆک و ناهاوڕێکەکانی مۆدێرنیتە. ئاستی گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاستی گەشەکردنی مۆدێرنیتەوە لە کۆمەڵگا کوردییەکاندا. هەر بە هەمان شێوەش، خۆگێلکردن لە ڕۆمان هاوشێوەی نکوولیکردنە لە مۆدێرنیتە و لە بەشێکی زۆری ئەو بزاوتە جیاجیا ڕۆشنبیری و فەرهەنگیانە و تەنانەت گۆڕانکارییە ئابوورییەکانیش. پشتگوێخستنی ڕۆمانی کوردی جۆریکە لە خۆپاراستن لە شیکاریی پێوەندییە ئاڵۆزەکانی دەسەڵات و لە بنەڕەتدا بە پەراوێزخستنی شرۆڤەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باری دەروونیی سووژەی سەردەمی ئێستای لێکەوتۆتەوە. گرنگی نەدان بە ڕۆمانی کوردی، لە لایەکەوە دەرئەنجامی بایەخ نەدانە بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ پرسی جیدیی دەروونناسانە و یاخود کۆمەڵناسانە



@KURDISHBOOKHOUSE

لە کۆمەڵگا جیاجیا کوردییەکاندا و، لە لایەکی تریشەوە، بۆتە هۆی چەوت نواندنەوەی گیروگرفتەکانی بەردەم ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی تاکایەتی لە بابەتە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

واڵەس ستیڤێنس لە شیعری «پیاوێک بە گیتاری شینەوە» بە ئاماژەدان بە گرنگایەتیی شیعر دەنووسێ «لەگەڵ ئێمەدا باسی گەورەیی شیعر مەکە.» بە واتایەکی تر، کەس ناتوانێ نکوولی لە قورسایی و دەوری شیعر بکات و هەموان دەزانن شیعر کۆنترین ژانری ئەدەبییە و ئێستاکەش هەر خوێنەر و لایەنگری خۆی هەیە. لە ئەدەبی کوردیشدا، بە کلاسیک و هاوچەرخیەوە، شیعر لە چاو چەشنە ئەدەبییەکانی تر زیاتر بووژاوەتەوە و ڕاستە چەشنی زاڵی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە و بەشێکی بەرچاوی ئەدەبی هاوچەرخیشی گرتۆتەوە و، هۆگران و ڕاڤەکارانی ئەدەبی کوردی دەتوانن بە شانازییەوە ئاوڕ لە سامانی زۆر دەوڵەمەندی شیعری کلاسیک و هاوچەرخی کوردی بدەنەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە بە مەبەستی بەهێزکردنی جێگە و پێگەی تاکەکەسی تەنانەت لە دەڤەری گشتیشدا و یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی تری کۆمەڵایەتی یان سیاسی و تەنانەت ئایدیۆلۆجیک، دەوری ناوازەی ڕۆمانی کوردی لە گوتارە ئەدەبی و فەرهەنگییەکاندا وەپشت گوێ بخرێ.

گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی نیوسەدەی ڕابردوو و بە تایبەت چارەکە سەدەی ڕابردوو لە کۆمەڵگا کوردییەکاندا بوونەتە هۆی بەرجەستەبوونەوە دەوری ڕۆمان و وایان کردووە ڕۆمان ببێتە بەشێکی گرنگی ئەدەبی کوردی لە ئێستادا. لێرەدا کارمان بەسەر بەهێزی و لاوازیی ڕۆمانە کوردییەکانی ئەم ساڵانەی ڕابردووەوە نییە و نامەوێ دەست بکەمە ڕەخنەکاریی ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی ڕۆمانی کوردی و پۆلێنکاریی ئەدەبی چیرۆکی کوردی و یاخود شیکردنەوەی ڕەخنەییانەی ماکە چیرۆکییەکان لە ڕۆمانی کوریدا. بەڵکوو دەخوازم قامک بخەمە سەر ئەو ڕاستییەی جیاوازییەکی بنەڕتی و سروشتی لە نێوان شیعر و ڕۆمان وەکوو دوو چەشنی ئەدەبیی جیاواز لە ئارادایە چ لە رووی مەودا و سنوور و ئاستی دەرخستنی ناخی کەسایەتییەکان و نواندنەوەی ڕووداوەکانەوە و چ لە باری شێواز و زمان و پێکهاتەوە.

حاشاهەڵنەگرە لە ڕۆماندا باشتر دەتوانرێ پەل بۆ کەسایەتیپەروەراندن بهاوێژرێ. لە ڕۆماندا گرێ و توێ پێچەڵپێچەکانی کەسایەتییە فرەڕەهەند و ڕووداوە ئاڵۆزەکان لێکدەدرێنەوە و دەکرێ بە باشترین شێوە بنوێندرێنەوە. لەم ڕووەوە، ڕۆمان تەنانەت لە مێدیۆمێکی وەک فیلمیش باشتر دەشوغڵێ. نموونەکان زۆرن بۆ پیشاندانی توانا و ئاستی بەرزی ڕۆمان تەنانەت لە چاو ژانری فیلمیش. بەراوردکردنێکی خێرای ئەو فیلمانەی لەسەر بنەما و بە گوێرەی ڕۆمان دەرهێنراون، ئەو ڕاستییەمان بە سانایی بۆ دەردەخا کە ڕۆمان دەتوانێ گەلێک بابەت و دیاردە ڕووبەڕووی نواندنەوە بکات کە فیلم لەمەدا بە هۆی چییەتیی سرووشتیی خۆیەوە هەڵگری هەندێ کەموکوڕیی زەقە.

*ڕانیسۆن کروزوە* و *قەڵای ئۆترانتۆ* لە سەدەی هەژدە، *ئۆلیڤێر تویست*، *برایانی کارامازۆڤ* و *ئاناکارنینا* لە سەدەی نۆزدە و، *یولیسێس*، *خانمی داڵۆوەی*، *قێرە و تووڕەیی*، *گەتسبیی گەورە*، *لۆلیتا* و *سووکیی لەتاقەتبەدەری بوون* لە سەدەی بیست و، *تاوان*، *کچی ونبوو* و *عەرەبە سەماکەرەکان* لە سەدەی بیست و یەکەمدا، تەنها چەند نموونەیەکی کەمی ئەو ڕۆمانانە پێکئەهێنن کە لە زۆر ڕووەوە لە فیلمەکانیان وردەکارانەتر و تەنانەت هەندێجاریش دراماتیکترن. وەکوو نموونەیەکی زۆر ئاشکرا و بەردەست دەتوانین دیاردی بکەین بۆ چەند لاپەڕی دەستپێکی ڕۆمانی *سووکی لە تاقەتبەدەری بوون* کە

بە زەقی لە فیلمەکەیدا ونە و تێیدا بە هیچ جۆرێک نەگونجێندراوە. بزربوونی ئەو باسە دوورودرێژەی کۆندێرا لەسەر سووکی و قورسیی کەسایەتیی مرۆیی لە دەستپێکی ڕۆمانەکەیدا ئاراستەی دەکا لەو فیلمەی بە گوێرەی ڕۆمانەکە چێکراوە، بە هیچ شێوەیک بۆ نزمیی ئاستی دەرهێنەرەکە ناگەڕێتەوە و پێوەندیی بە لاوازیی فیلمەکەوە نییە چونکە هەر ئەم حاڵەتەش لە هەر دوو نوسخەی فیلمی *لۆلیتا* (ئەوەی ئادریان لین و ئەوەی ستانلی کوبریک)، سەرەڕای بەهێزبوونی فیلمەکەی کوبرێک، دیسانەوە قوت دەبێتەوە؛ واتە، لە ڕۆمانەکدا زۆر شت وتراون کە لە فیلمەکەدا دیار نین. دیسانەوەش ئەمە بۆ کورتی و ئیجازی فیلم لە چاو ڕۆمان ناگەڕێتەوە و بەڵکوو لە بنەڕەتدا بۆ جیاوازیی چییەتیی دوو مێدیۆمی ڕۆمان و فیلم دەگەڕێتەوە بە شێوەیەک کە لە ڕۆماندا دەکرێ زۆر بابەتی ورد و دەرهەست و تاکەکەسی و تەنانەت ئاڵۆز باس بکرێ کەچی لە فیلمدا ئەو مەودایە ناڕەخسێندرێ، با ئەگەر دەرهێنەرەکەش کوبریک بێ.

شیعر بە هێچ شێوەیەک، تەنانەت، لە ڕواڵەتی پەخشانەشیعری هاوچەرخیشدا (وەک بەرهەمی شێرکۆ بێکەس بە نموونە) یان لە پێگەی چیرۆکە شیعری کلاسیکدا لە هەر دوو وێژەی گۆرانی و کرمانجیدا (خانای قوبادی و حارس بتلیسی بە نموونە) ناتوانێ و ناکرێ و ناشبێ دەروونی ئاڵۆزی تاکەکان و باری پشێوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فۆرمەکان و پێوەندییەکانی دەسەڵات دەربخات، چ بگات بەوەی بیەوێ دەروونی ئاڵۆزی تاکی لەخۆنامۆی بەچشتبووی هاوچەرخ یان پێوەندییە چەندلایەنە کۆمەڵایەتییەکان و فۆرمە فرەڕەهەندەکانی دەسەڵات لە سەردەمی ئێستادا بنوێنێتەوە.

بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو وتە ناشارەزایانەی سەبارەت بە دەستپێکی کرچ و کاڵی ئەدەبی چیرۆکی کوردی لێرە و لەوێ دەیبیستم، مرۆڤ دەکارێ بێژێ ڕەخنەکانی جەمیل سائیب لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی شاری سلێمانی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەتوانرێ وەکوو باشترین دەستپێکی ئەدەبی چیرۆکی کوردی ڕەچاو بکرێ لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەرکی ڕەخنەگرانەی ئەدەبی چیرۆک لە ڕوانگەی بەرباسمانەوە. گەرچی پێشتر فواد تەمۆ و پاشتر عەرەب شەمۆ وەکوو دوو بناغەدانەری کورتەچیرۆک (سۆرانی) و ڕۆمانی کوردی (کرمانجی) بایەخیان دایە پێشکەوتنی چیرۆکی مۆدێرنی کوردی، بەڵام لەم گۆشەنیگایەی ئێستامانەوە ئەمە بەرهەمی جەمیل سائیبە کە دەتوانێ پیشاندەری گیانی ڕەخنەگرانە و سوودبەخشی ئەدەبی جیرۆکی هاوچەرخ بێ بۆ پەرەپێدانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، نەک بەرهەمی فواد تەمۆ یان عەرەب شەمۆ و بەشێکی زۆری ڕۆمانس و ڕۆمانە مێژووییەکان.

گەرچی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی (زیاتر ئینگلیسی و فەرانسەوی) خاوەنی پێشینەیەکی ئەوتۆی دوورودرێژە، بەڵام وەک دەزانرێ ڕۆمانی کوردی وەکوو بەشەکانی تری کۆی سیستەمی فەرهەنگیمان تووشی گەلێک دابڕان و پچڕان هاتووە. ئێمە پێویستە هەردەم ئەوەمان لە یاد بێ ڕۆمانی ڕۆژئاوایی خاوەنی لانی کەم دوو سەد ساڵ ئەزموونی مامەڵەی ڕیالیستییە و ئەمەش بنج و بناوانێکی پتەوی بۆ ڕۆمانی ئێستای ڕۆژئاوایی دەستەبەر کردووە، کەچی، بە پێچەوانەوە، تەمەنی ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا ناگاتە نیو سەدە. ئەمە بەو مانایە نییە پێویستە لە بازنەی ڕیالیزمدا بێهوودە بسووڕێینەوە، بەڵکوو بەو مانایەیە یەکێک لە هۆکارەکانی گەشەنەکردنی یەکدەست و هەڤگرتووی ڕۆمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حەقیقەتەی خاوەنی بنەمایەکی پتەو و پێشینەیەکی بەرفراوانی ڕیالیستی نەبووە و هەر بۆیەش هەندێجار خێرا و بە پێی مەنتیقێکی کاڵفام دەست دەکرێتە نوێکاریی سەیروسەمەرە لە فۆرمی ڕۆمانی کوردیدا.

هەڵسوکەتی هەندێ نووسەری کورد لەگەڵ ڕۆمانی کوردیدا بە شێوەی پێنەگەیشتوو و ناکامڵ و ناتەواو و پێش‌مۆدێرن بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی زیاتری خوێنەری کورد لە ڕۆمانی کوردی. کەمن ژمارەی ئەو ڕۆمانە کوردیانەی توانیویانە سەرجەم یان بەشێکی بەرچاوی مۆرک و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مۆدێرنیستی لەخۆ بگرن، چ جای ئەوەی باسی ڕۆمانی پۆست‌مۆدێرن بکەین. هەر وەک چۆن خەسڵەتە رووکەشیانە و تیژتێپەڕەکانی ماکە ریالیستیەکان لە ئەدەبی جیرۆکی کوردیدا بووە هۆی سەرهەڵنەدانی ڕۆمانێکی تەواو مۆدێرنیستی، هەر بە هەمان شێوەش، ڕەوتی ناتەواو و کورتخایەن و بەرتەسکی ڕۆمانی نوێخوازانەی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی شتێکی سەیروسەمەرە دروست بێ کە ناویان لێ ناوەتە ڕۆمانی پۆست‌مۆدێرنیستی.

لە پاڵ ئەمانەشدا، بەشێکی زۆری ڕۆمانە کوردییەکان خۆیان لە خانەی ڕۆمانسدا دەبیننەوە. ئەو بە ناو ڕۆمانە کوردیانەی ئاوڕیان لە کۆمەڵگای پێش‌مۆدێرنی کوردی داوەتەوە و ڕووبەڕووی پێوەندییە مۆدێرنە کۆمەڵایەتییەکان نەبوونەتەوە وەکوو ڕۆمانس دادەنرێن و لە باشترین حاڵەتدا دەچنە خانەی ڕۆمانی ریالیستیی ساکار و یاخود ڕۆمانی مێژوویەوە. ڕۆمانس بەرهەمی کۆمەڵگای جووتیارییە و ناتوانێ و ناشبێ فۆرم و پێوەندییە فرەتوێکانی دەسەڵات یان گۆڕانکارییە چەندلایەنە و ناهاوسەنگەکانی دۆخی کۆمەڵایەتیی سەردەمی مۆدێرن و کەڵکەڵە و زەینییەتە چەندفاقە و لێکدابڕاوەکانی سووژەی مۆدێرن بنوێنێتەوە؛ هەر بۆیەش، لە ژیانمدا گرنگیم نەداوە بە زاراوەی «ڕۆمانەشیعر»، چونکە ئەم جۆرە بەرهەمانە زیاتر لە ڕۆمانس دەچن تا ئەوەی بە ڕۆمان دابندرێن. ڕۆمانسیش چەند سەدەیە لە ئەدەبی جیهاندا لە ناو چووە. ڕۆمان، بە پێچەوانەوە، بەرهەمی کۆمەڵگای مۆدێرنە. بەشێکی زۆری ڕۆمانە مێژووییەکانی ئەدەبی گەلان ناچنە خانەی ڕۆمانی مۆدێرنیستییەوە، مەگەر ئەوەی لە هەندێ بەرهەمی پامۆک یان وۆڵفدا دەبیندرێ کە لە ئاکامدا گرنگایەتی و لایەنەکانی سەردەمی ئێستا قوت دەبنەوە. هەر بۆیەش لە ئەدەبی کوردیدا ژمارەی ئەو ڕۆمانە مێژووییانەی توانیویانە ببنە خاوەنی مۆرکی مۆدێرنیستی، زۆر کەمن و لە ژمارەی قامکەکانی یەک دەست کەمترن.

ڕۆمانی کوردی، بەڵام، بە هەموو کەموکۆڕییەکانیشیەوە، بە گشتی لە شیعر و شانۆنامەی کوردی گەشاوەترە. گەرچی ئاستی هەر شەش لقەکەی ئەدەبی چیرۆکی کوردی لە باری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لە چاو ئەدەبی چیرۆکی گەلانی ڕۆژئاوا یان تەنانەت دراوسێ گەلێک لە خوارەوەیە، بەڵام بەم حاڵەشەوە لە چەشنە ئەدەبییەکانی تری ئەدەبی ئێستای کوردی پێشکەوتووترە. لە کاتێکدا کە مرۆڤ دەکارێ بەو ئاستە نزمەش دڵخۆش بێ، زۆربەی خوێنەرانی ئاسایی لایەنگری شەپۆلە گەورە و بەرفراوانەکانی شیعری کوردین بە هەموو بەشەکانیەوە و هەندێ کەسیش، بە پێچەوانەوە، لە سامانی شیعری هاوچەرخی کوردی ناڕازین و دیسانەوەش هەوڵی زیندووکردنەوە و زاڵکردنەوەی دەدەن.

ئەدەبی چیرۆکی کوردی بە هەموو لاوازییەکانیەوە لە چەشنەکانی تری ئەدەبی کوردی لە چەندین رووی جیاوازەوە لەسەرترە. ئەم وتەیە بە مانای وەپشتگوێخستنی چەشنە ئەدەبیەکانی تر وەک شیعر یان شانۆنامە نییە. ئێمە هەمووومان دەزانین هەندێ نموونەی شیعری هاوچەرخی کورد لە زۆر لایەنەوە لە بەشێکی زۆری ڕۆمانە کوردییەکان پێکهاتەمەندتر و یەکگرتووتر و هونەرمەندانەتر داڕێژراون. لە شیعری کوردیی هاوچەرخدا گەلێک نوێکاریی جیاجیا لە رووی فۆرم و پێکهاتە و تەکنیکەوە ئەنجامدراوە و مرۆڤ دڵخۆشە بە ڕەسەنایەتی و ئاستی بەرزی هونەری و تەکنیکی لە هەندێ نموونەی شیعری ئێستادا.

مەبەستی من لەم سەرنجانە ئەوەیە کە ژانری ڕۆمان لە چاو چەشنە ئەدەبی و هونەرییەکانی تر لە لایەکەوە زیاتر لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی سەردەمدا تەبایە و، لە لایەکی تریشەوە، ئەو پانتاییە بەرفراوانەی لە رووی دراماتیزەکردنی لێکەوتەکانی ڕووداوەکانەوە یان نواندنەوەی باری دەروونیی کەسایەتییەکانەوە لە ڕۆماندا ئامادەیە لە چەشنەکانی تردا وەبەرچاو ناکەوێ. لە پاڵ ئەم قسانەشدا، دەبێ خێرا ئەوەش بڵێم ڕۆمانی سۆرانی بە گشتی لە رووی فۆرم و پێکهاتە و شێوازەوە لە ڕۆمانی کرمانجی زیاتر پەرەی سەندووە و لێرەدا نامەوێ لەم باسە وردببمەوە.

ڕۆمان بۆ مە گرنگە؛ ئاوڕی لێدەدەینەوە و کاتی بۆ تەرخان دەکەین. بەڵام زۆرن ئەو خەڵکانەی گیرۆدەی خەسڵەتی ڕۆمانتیک و ئایدیۆلۆجیک و نۆستالژیکی شیعرن. کەسانێکی تریش، بە پشتگوێخستنی ڕۆمان، خەریکی نواندنەوەی دەروونی ئاڵۆزی کەسایەتییە مۆدێرنەکانن لە چوارچێوەی شیعری کوردیدا. هەر دوو گروپەکە، با ئەگەر لە رواڵەت و شێوەی دەربڕینیشدا جیاواز بن، بەڵام لە باری داگەڕان و مامەڵەوە هاوشێوەن. ئەوان، واتە زۆربەی شاعیران، لە بەستێنێکی تردا و لە پارادایمێکی تردان کە هێشتا ڕۆمانی تێدا نەبۆتە بابەتی زاڵ. بە باوەڕی من، وێڕای شاعیر، نووسەر، رەخنەگر و بیردارێژی ئەدەبی، بەڵکوو تەنانەت ئەو توێژەرە کوردانەی دەڤەرەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زمانناسی و لێکۆڵینەوە فەرهەنگییەکانیش کە خۆیان لە ڕۆمانی کوردی گێل کردووە نەک یەک هەنگاو بەڵکوو دوو هەنگاو لە دواوەوەن. ئەوان، رەیمۆند ویلیامز گوتەنی، لە پارادایمێکدان کە بە «گوتاری پاشماوە» ناوبردە دەکرێ.

ئێمە ئێستا لە سەرەتای رێگای گەشەکردنی ڕۆمانی کوردیداین و ئەم رەوتە تا دێ زیاتر دەگەشێتەوە چونکوو گەر وا نەبێ، ئەوا رەوتی پەرەسەندنی فەرهەنگیی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتیمان بەراوەژوو دەبێتەوە. گەر وا روونەدا، ئەوا زمانی کوردی تووشیاری پەنگخواردوویی و دووبارەکاریی و کلێشەسازی دەبێتەوە. ئەمەش رێک هەر هەمان پەنگخواردنەوە و دووبارەکارییە کە هەر ئێستا لە روانگە و بەرهەمی ئەو کەسانەدا دەیبینین کە دوورن لە گوتاری چیرۆکی کوردییەوە بە مانا مۆدێرنەکەی. ئەدەبی کوردی لەم قۆناغەی ئێستایدا دەبێ زیاتر بایەخ بداتە گەشەپێدانی سەرجەم لق و ژێرلقەکانی ئەدەبی چیرۆک و شانۆنامە و لە سەرووی هەموویشیانەوە ڕۆمان. ئەم وتەیەش بە هیچ شێوەیەک بە مانای پشتگوێخستن یان بە کەمدانانی ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی تر نییە.

## لە پەراوێزخستنی ڕۆمانەوە بۆ پەراوێزخستنی نووسەر:
## بەرهەم و ژیانی ڕۆشنبیری و ئاکادێمیکی مەنسوور تەیفووری

ئەوانەی تا ئێستا تەنانەت یەک کتێبیشیان تەرجەمە نەکردۆتەوە و تەمرینی پەخشانی کوردییان نەکردووە و بە شێوەیەکی کردەیی خۆیان رووبەڕووی دانانی جۆرە جیاجیاکانی پەخشانی کوردی نەکردۆتەوە، بە دەیان نووسین و یاداشتی ڕۆژنامەییان لەسەر بڵاوبۆتەوە کەچی کەسێکی وەک مەنسوور تەیفووری کە خاوەنی ئەزموونێکی تا رادەیەک درێژە لە کارکردن لەسەر زمانی کوردی ئەو جۆرەی کە دەشێت نەناسێندراوە. وێنەی زلی هەندێ ناوی قەبەی بواری لێکۆڵینەوەی سیاسی و یاخود ئەو دەڤەرەی خەڵکانێک بە کوردناسی ناوی لێدەبەن، بەشێکی زۆری چاپەمەنی و ماڵپەڕەکانی گرتۆتەوە. ئەمانە، بە کورد و غەیری کوردەوە، کەسانێکن بەشێکی بەرچاویان ئەزموونی خوێندنەوە و نووسینی کوردییان نییە. لە

روانگەی منەوە، ئەو توێژەر و هونەرمەند و تەنانەت سیاسەتوانانەی لە چوارچێوەی زمانی کوردیدا خاوەنی پێشینەی خوێندنەوەیی و ئەزموونی بەرهەمهێنان نین، ناتوانن بە قووڵی و بە شێوەیەکی وردەکارانە ڕۆبچنە نێو هەندێ پرسی جیدی سەبارەت بە بابەتی بەرباسیانەوە؛ هەر بۆیەش، لەو جۆرە بەرهەمانەدا بەردەوام شتێک ونە. بابەتی ونبوو یان بزرێتیی ئەو بەرهەمانە هەردەم مەودای دووری و دابڕانی نێوان ئەوان و بابەتی بەرباسیان بەرفراوان دەکاتەوە و لە ئەنجامدا پارادایمێکی تری جیای خولقاندووە کە بۆخۆی بەسەر چەندین لقوپۆی نەک جیاواز بەڵکوو زۆر دوور لە یەک دابەش بوونە.

نەک هەر خوێنەری ئاسایی بەڵکوو بەشێکی زۆری نووسەران و شاعیران و ڕەخنەگران و تیۆریدارێژانی ئەدەبی و فەرهەنگی، ئاگاداری زۆربەی بەرهەم و کارەکانی مەنسوور تەیفووری نین، چ لە بواری بیر و هزر و ئەندێشەسازیدا و چ لە دەڤەری ئەو باسانەی پێوەندییان بە زمانی کوردییەوە هەیە. بەرهەم و کاری مەنسوور تەیفووری تەنانەت لە لایەن هەندێ کەسی نزیکی خۆیشیەوە بە جیدی وەرنەگیردرا. ئەو یەکێک بوو لە قوربانیانی دەستی ئەو گروپ و تاقمانەی گاڵتەیان بە هەموو شتێ دەکرد و دەکەن. گرنگترین تاوانی مەنسوور ئەوە بوو نەچووە ناو دەستە تاقمگەراکانەوە، گەرچی جاروبار هەوڵیان دەدا وەکوو ئامرازێک بە کاری بهێنن لە پێناو گەییشتن بە ئامانجە نارۆشنبیری و نافەرهەنگییەکانی خۆیانەوە. مەنسوور، بەڵام، زیرەکانە سەربەخۆیی هزریی خۆی پاراست. ئەو نەبوو بە سووژەی ئایدیۆلۆجییەکی دیاریکراو، بەڵکوو بوو بە توێژەرێکی سەربەخۆی بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و بە تایبەت فەرهەنگی و فەلسەفی.

ئاشنایی و دۆستایەتیی من لەگەڵ مەنسوور تەیفووری بۆ بیست ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، کاتێ بۆ یەکەم جار لە زانکۆی شەهید بەهەشتی لە تاران دەستمان کرد بە وانەوتنەوەی زمان و ئەدەبی کوردی بە شێوەیەکی خۆبەش بۆ سەرجەم خوێندکارانی زانکۆکانی تاران. گەرچی بەندە بە هاوکاریی خوێندکارانی زانکۆی شەهید بەهەشتی، مۆڵەتی دانانی بنکەیەکم وەرگرتبوو بە ناوی بنکەی زمان و ئەدەبی کوردی و پێشم وابێ یەکەم جار بوو زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆیەکەی ئێراندا ببێتە خاوەنی نووسینگەیەکی ڕەسمی، بەڵام کلاسەکان بە شێوەیەکی نیوەڕەسمی بەڕێوە دەچوون. گەرچی هەموو مەرجەکانی وانەوتنەوەمان ڕەچاو کردبوو (وەک دانانی پرسیار بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی زانیاریی خوێندکاران بە شێوەیەکی سەرەتایی و بەڕێوەبردنی کلاسەکان لە کاتوساتی دیاریکراو لە یەکێک لە کلاسەکانی کۆلیژی ئەدەبیات و پاشان تاقیکردنەوەکانی کۆتایی تێرم)، بەڵام بەرنامەکە بە شێوەیەکی نیوەڕەسمی دارێژرابوو چونکە نمرەی ئەم وانەیە لە کارنامەی خوێندکاراندا تۆمار نەدەکرا. ئەو کات ساڵی ١٣٧٦ بوو، واتە ڕێک بیست ساڵ لەمەو بەر. دوای ئەوە کۆمەڵێ کاری هاوبەشمان پێکەوە و بە هاوکاری چەند هاوڕێیەک بەڕێوە برد کە بریتی بوون لە هەندێ کۆمەڵە وتار و گۆڤار و کۆنفرانس. ئێستا بۆ دە دوانزە ساڵ دەچێ مەنسوورم نەبینیوە، بەڵام لە سەرجەم ئەم ماوەیەدا ئاگاداری کار و بەرهەمەکانی بوومە.

لە لاپەڕەی یەکەمی یەکەم کتێبی بڵاوکراوەی خۆمدا، کە وەرگێڕانی نووسینێکی دووردرێژی موراد فەرهادپوور بوو لەسەر دیالێکتیکی ڕۆشنگەری و ساڵی ٨٠ لە دەزگای سەردەم چاپ بوو، نووسیم «وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشەکەشە بە مەنسوور تەیفووری.» ئەو کاتە و ئێستاش بڕوام بە کار و چالاکیی ڕۆشنبیریی مەنسوور هەبوو و هەیە. مەنسوور ئێستا لە پاریسە و بیر و ئەندێشەی ئەو بوونە بەشێک لە نەریتی فەلسەفیی قارەیی و گوتاری چەپی فەلسەفی. لە کاتێکدا من زیاتر لە نەریتی زمان و ڕەخنەی

ئەنگلۆ-ئەمێریکەندا دەشوغڵم و پتر باسی باتلێر و جەمیسۆن و گرینبلەت و سپیڤاک و لاکلائۆ دەکەم و هەر بۆیەش کەمتر سەرنج دەدەمە ڕەنسیر و تەنانەت ئاگامبێن، بە پێچەوانەوە، مەنسور بۆتە خوێنەر و توێژەر و وەرگێڕی فەلسەفەی بەدیۆ و ڕەنسییر. کاتێ لە بریتانیا خوێندکاری دوکتۆرا بووم، لەگەڵ کالین مەککەیب کارم دەکرد و دەچووم بۆ سێمینارەکانی دێریک ئەتریج و جولیەن وۆڵفریز، کەچی مەنسوور لە پاریس لەگەڵ بەدیۆ کار دەکات و دەچێ بۆ سێمینارەکانی ئاگامبێن. من هێندە چوومەتە ناخی بەرهەمە ئینگلیسییەکانەوە کە تەنانەت بە شێوەیەکی ئەنگلۆ باسی لاکان و ئاڵتووسێر و تەنانەت ژاک ئالێن میلێر دەکەم، کەچی مەنسوور وا دیارە بە تەواوی وازی لە کۆڵەکەکانی ڕەخنە و تیۆریی ئەنگلۆ-ئەمێریکەن هێناوە و ڕۆچۆتە نێو گوتاری ڕۆشنبیری و ئاکادێمیکی پاریسەوە. بۆ من هیس و هاڵ و بابا و هارۆوەی گرنگن، بۆ ئەو نەک هەر یارانی پاریسی بەڵکوو قوتابییەکانیشیان گرنگن کە ئێستا مامۆستای ئەون لە زانکۆی پاریسی هەشت. من زیاتر بە ئینگلیسی دەخوێنمەوە و دەنووسم و وانە دەڵێمەوە، ئەو زیاتر بە فەرەنسی دەخوێنێتەوە و جاروباریش بە فەرەنسی هەڤپەیڤین و نووسین بڵاو دەکاتەوە.

بەڵام، ئەوەی من و مەنسووری لێک کۆکردۆتەوە، بە پێچەوانەی دیدی گشتی و زاڵ، کوردبوونمان و تەنانەت نووسین بە کوردیش نییە، بەڵکوو ئەو بایەخەیە هەردووکمان دەیدەینە پەرەسەندنی زمانی کوردی و خەملاندنی زیاتری زمانی کوردی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هزر و فەلسەفە و ڕاڤەدا. هەر دووکمان باسی کۆمەڵی چەمکی هاوبەشی وەک ئایدیۆلۆجی، زمان، ناسنامە و فەرهەنگ دەکەین، کەچی لە دوو ڕوانگەی تەواو جیاوازەوە و تەنانەت تا ڕادەیەکیش لە دوو پارادایمی جیاوازدا؛ هێندە جیاواز کە یەک مژار و تەنانەت یەک چەمکی دیاریکراوی ڕەخنەیی بە دوو شێوەی جیاواز و بە گوێرەی دوو سیستەمی جیاوازی ئارگیۆمێنتسازی دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

مەنسوور تەیفووری، بێجگە لەوەی سەرنووسیار و بەڕێوەبەری نووسین بوو لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و کۆمەڵە وتاردا و بێجگە لە بڵاوکردنەوەی وتار و شرۆڤە لە چەندین ماڵپەڕدا و لە پاڵ بە ئەنجام گەیاندنی کۆمەڵی هەڤپەیڤینی فیکریی جیاجیادا، چەندین کتێبی ناوازەشی وەکوو وەرگێڕان و نووسین لە چاپ داوە. بەڵام ئەوەندی بزانم زۆربەی کەسەکان و تەنانەت نووسەران و توێژەرانی کوردیش ئاگاداری بەرهەمەکانی نین. هەر بۆیە لێرەدا بەشێکی بەرهەمەکانی دەناسێنم:

ساڵی ٨٠ لە کۆنگرەی نالی لە سەقز داوام لێکرد کتێبە دانسقەکەی مارشاڵ بێرمەن بە ناوی *ئەزموونی مۆدێرنیتە* بکاتە کوردی و پێشم وابوو ژمارەیەکی کەمی وەرگێڕی کورد دەتوانن ڕووبەڕووی وەرگێڕانی بەرهەمێکی وا ببێنەوە. مەنسوور ئەو کتێبەی تەرجەمە کردەوە و دوو جار لە چاپ درایەوە. لەو قۆناغەدا زیاتر لە فارسییەوە بەرهەمی وەردەگێڕا و خێرا پاش ماوەیەک دەستی کرد بە بەراوردکرنی وەرگێڕانە فارسییەکان لەگەڵ دەقە سەرەکییەکاندا و ئەم ڕەوتەی لە وەرگێڕانەکانی تریشیدا درێژە پێدا. ساڵی ٨٤ کاتێ بۆ چاپی دووهەمی *ئەزموونی مۆدێرنیتە* پێشەکیی ئینگلیسیی کتێبەکەی بۆ هێنام و پێکەوە لەسەری کارمان کرد، تێگەیشتم مەنسوور ڕێگای سەرکەوتنی دۆزیوەتەوە چونکوو سەرم سووڕما چلۆن لەو ماوە کورتەدا توانیوێتی ئینگلیسی تا ڕادەیەکی باش فێر بێ.

پاشان، لە ساڵی ٨٣دا، کتێبی *تیۆریی کولتووری* نووسینی دوکتۆر حسێن بەشیرییەی وەرگێڕایە سەر کوردی. لێرە بە دواوە ئیتر دانە دانە وەرگێڕانەکانی کەوتنە بازاڕەوە. هەر لە *گۆڕینی دەریا: کۆچی بیری کۆمەڵایەتی*-یەوە بگرە هەتا کۆمەڵە وتاری *نەرێکار* (بە هاوکاریی برایم شەوقی و عەلی حسێنی) و پاشان

@KURDISHBOOKHOUSE

*قومار لەسەر مەحاڵ* کە چاوپێکەتنی سلاڤۆی ژیژەک-ە لە لایەن گلین دالی-یەوە ئەنجام دراوە. لە ساڵی ٨٦دا *جوانیناسیی شکست*-ی تەرجەمە کردەوە کە کۆمەڵە وتاری هەڵبژاردەی بیست ساڵ ئەزموونی ڕۆشنبیریی موراد فەرهادپوور بوو و بەختیار عەلی پێشەکیی بۆ نووسی و چاپخانەی ڕەنج لە ٢٠٠٧ بڵاوی کردەوە. دوایی، *وشەی موبارەکی بێمانای* تەرجەمە و بڵاو کردەوە بە گەلێک شەرح و پەراوێزەوە کە بۆخۆی دانابوون.

مەنسوور، بە مەبەستی زۆرانبازیی زیاتر لەگەڵ زمانی کوردی و ڕووبەڕووبوونەوەی جیدیتر لەگەڵ پەخشانی کوردیدا، ڕۆمانی *جاز* نووسینی تۆنی مۆریسۆن-ی کردە کوردی. هەر لەم پێناوەشدا ڕۆمانێکی تری وەرگێڕا بۆ کوردی، ئەمجارەیان *هێلکەی شووم* بەرهەمی بۆلگاکۆڤ. خوێندن لە پاریس بۆ ماوەیەکی کورت چاپی کتێبی لێنەکەوتەوە. بەڵام، وەکوو هەوڵی تازە، ساڵی پار لەگەڵ چەند کەسی تردا چەندین چاوپێکەتنی ڕانسیەر، ئاگامبێن و بەدیۆیان لە زمانی ئینگلیسی و فەرەنسییەوە کردە کوردی و لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی *ناوەخت* بڵاویان کردەوە. هەر لە ٢٠١٦ چاوپێکەوتنێکی ئەدۆنێس-ی تەرجەمە کردەوە و ناوەندی غەزەڵنووس ئەمساڵ بۆی بڵاو کردەوە. ئەوەندەی ئاگادار بم ئێستاش چەندین بەرهەمی ئامادەی چاپە، لەوانە وەرگێڕانی *مەسیح و پیلاتس* نووسینی ئاگامبێن و *ژیانی حەقیقی* بەرهەمی بەدیۆ.

مەنسوور کاتێ لە ئێران بوو بە هۆی چەندین گرفتەوە و لەوانە گرفتی ئابووریی، نەیتوانی قۆناغی کارناسی لە زانکۆ تەواو بکات. لە بیرمە دەیکوت «یانزە واحدی لیسانسەکەم ماوە ناتوانم تەواوی بکەم.» هەر بۆیەش، لە پاریس، سەرەتا لیسانسەکەی تەواو کرد. ساڵی ٢٠١٤ لە بەشی فەلسەفە و ڕەخنەی هاوچەرخی فەرهەنگ، ماستێری وەرگرت. نامەی ماستێرەکەی هەمووماني ڕاچەڵەکاند چونکوو قامکی خستبووە سەر خوێندنەوەی قۆناغێکی سەخت و تا ڕادەیەک لەبیرەوەچوو لە مێژووی هاوچەرخی کوردی لە ئێراندا. ئێستاش لە زانکۆی سۆربۆن، پاریسی هەشت، خوێندکاری دوکتۆرایە و لە ژێر چاودێری و ڕێنوێنیی ئالێن بەدیۆ کار دەکات.

مەنسوور *مامۆستای نەزان*-ی تەرجەمە کردۆتەوە و ڕەنسیەر بۆخۆی پێشەکیی بۆ وەرگێڕانی کوردیی کتێبەکەی نووسیوە. هەندێ دەرسیشی لەگەڵ ئاگامبێن خوێندووە. ئەو بەشەی مەنسوور ئێستا لەوێیە، کاتی خۆی شانازی بە دوو مامۆستای بەناوبانگی خۆیەوە دەکرد، واتە ژیل دێلۆز و بوودریار. ئەمە هەر ئەو بەشەیە کە ژیژەک یەکێک لە دوکتۆراکانی لەوێ وەرگرتووە. سەرنجڕاکێشە بزانین بەرنامەی دەرسی و وانەکانی ئەم بەشە بالیبار بە پێی ڕێنوێنیی فووکۆ داڕشتوون.

مەنسوور لە سەقزەوە چوو بۆ یەکێک لە ناوەندە ئاکادێمیکە هەرە گرنگەکانی ئەندێشەسازیی جیهانی هاوچەرخ. ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ڕاگەیێنەرە گشتییە جیاجیاکان، بێجگە لە هەندێ نموونەی دەگمەن، بە هۆی دوورییان لە زمانی کوردییەوە ناویان نەبیستووە و پێوەندی پێوە ناگرن. توێژەرانی کورد بە هۆی پاشکەوتنیان لە ڕەوتی فیکریی ئەم چەند دەیەی ڕابردووەوە لە ئەندێشەی مەنسوور تێناگەن و بەرهەمەکانی ناخوێننەوە. زمانناسانی کورد بە هۆی نەزانینی کوردییەوە یان بە هۆی گرنگی نەدان بە باسە تیۆریکەکانەوە ئاگاداریی هەوڵە ڕەسەنەکانی مەنسوور نین لە بواری زاراوەسازی و وشەبژێریدا. بەناو کوردناسەکان لەوانەیە هەر ناویشیان نەبیستبێ. لە باشوور، نەبوو بە سووژەی لایەنەکان و لە ئوروپا نەبوو بە بەرهەڵستکاری هەڵڕسکاو یان ڕۆشنبیری هەڵپەسێردراو. پاڵەوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نییە. هەر جارە و لە وێنەیەکی شەش لە چواردا دەرناکەوێت.

©KURDISHBOOKHOUSE

مەنسوور، بە پێچەوانەی دۆخی بەخۆداشکاو و رۆحی لەخۆناموٚی گوتاری رۆشنبیریی ئێستاوە، بەردەوامە لە جەدەل. خوازیاری دیالێکتیکە. گرۆی مشتومڕە. فلەنۆرە. سەوداسەری مەعریفەی مۆدێرن و گیرۆدەی ئەدەبی پاش‌خەرمانەیی-یە. بیر لە ژیانی مۆدێرن دەکاتەوە، گەرچی جاروباریش نارچار دەبێ هەستی نۆستالژیکی خۆی بۆ رابردووی دوور و نزیکی خۆی و گەلەکەی دەرببڕێ. مەنسوور دێت و دەچێ. بە هیچ شێوەیەک ئارام و قەراری نییە. زیاتر لە چیرۆکبێژێکی بۆهێمی دەچێ تاکوو خوێندکاری دوکتۆرا لە سۆربۆن. گێڕەوەی ئەو چیرۆکانەیە کە هەڵگری ئەزموون و بیر و بیرگەی پاش-خەرمانەیی-ن. لەم گەڕیانگەلەدا نەیهێشتووە جوانیی رووکەشیانەی پەرییە دەریاییەکان رایبکێشێ. رەنجی هەڵبژاردووە، بەڵام بە پێی ویستی خۆی. بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ فاشیزمدا، بێنیامین‌ئاسا دەستی داوەتە دروستکردنی «دۆخی ریزپەڕی حەقیقی». مەنسوور کەمینەیە، بەڵام بۆ من سەرەکییە. مەنسوور خراوەتە پەراوێزەوە، بەڵام بۆ من ناوەندە.

مەنسوور بەردەوامە لە بیرکردنەوە. پرسی گۆڕانی فۆرمەکان لە سووژەدا بە لایەوە گرنگە. لە گۆڕانی پێوەندییەکانی دەسەڵات و فۆرمە جیاجیاکانی دەسەڵات دەکۆڵێتەوە. مێکانیزم و دەرئەنجامی بەریەک کەوتنی فۆرمەکانی دەسەڵات دەپشکنێ. هەوڵ دەدات خاڵە هاوشێوەکان لە نێوان رووداوی بەدیۆیی و پۆتانسیالیتەی ئاگامبێن لەگەڵ بیرۆکەی ئێگالیتێی رادیکاڵی رەنسییەر دەست‌نیشان بکات. ئایا لەم پرۆژە فیکرییەدا سەردەکەوێ؟ گرنگ نییە. ئەوەی بە لای منەوە بایەخدارە پێشنیاری چەمکی تازە و چەمکاندنەوەی واتاکانە. مەنسوور پێشنیاری زاراوەسازیی تازە دەدات بۆ باشتر دەستەبەرکردنی دنیابینیەکی کاریگەر و بە مەبەستی خوێندنەوەی رەخنەگرانەی نەریتی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەی فیکری.

مەنسوور بە ژیانی رۆشنبیرانەوە دەستی پێکرد و دوایی چووە نێو خانەی سەرەکیی گوتاری ئاکادێمیکەوە و پاشان هاتەوە نێو گوتاری رۆشنبیرییەوە. مەنسوور بوو وای لە بەدیۆ کرد لە یەکێک لە سێمینارەکانیدا روانگەی خۆی لەسەر رۆژئاوا بە گشتی و کۆبانێ بە تایبەت دەرببڕێ. مەنسوور هەر لە سەرەتاوە چەپ بوو. کاتێ دەهاتە ژوورەکەی من لە زانکۆی تاران، من خەریکی خوێندنەوەی رەیمۆند ویلیامز بووم و ئەو خەریکی گوێگرتن بوو لە دەنگی ناسر حیسامی کە شیعری شاملووی دەخوێندەوە. ئێستاش گەرچی دە دوانزە ساڵە لە یەکتر دابڕاوین، بەڵام بە وردی بەدواداچوونم بۆ کارەکانی کردووە.

### *ژیانەوە بە کاتی سیروان*: رۆمانێکی ناوازە

ئەم رۆمانە گەرچی یەکەم هەوڵی مەنسوور تەیفووری-یە لە بواری نووسینی رۆماندا، بەڵام لە هەندێ رووەوە بە دەستپێکێکی گرنگ بۆ رۆمانی کوردی دادەنرێ وەک بەکارهێنانی شێوازی زمانیی تایبەت، فۆرمی نوێخوازانە و کەسایەتی‌پەروەراندنی ئەو تاکانەی کەمتر سەرنجیان دراوەتێ. ئەم تایبەتمەندیانە دەتوانن کاریگەر بن لە هاتنە ئارای رەوتێکی درێژخایەن لە رۆمانی کوردیدا کە تێیدا گرنگی زۆر بدرێتە هەندێ بابەتی فۆرماڵ و تەنانەت واتاییشەوە. *ژیانەوە بە کاتی سیروان* بەم دواییانە لە چاپ دراوە. پێم وایە کەمتر لە مانگێکە بڵاو بۆتەوە. ناوەندی غەزەڵنووس لە دووتوێی ٢٣٠ لاپەڕەدا و لە ئەژماری هەزار دانەدا بڵاوی کردۆتەوە. ئەم رمانە لە بیست بەش پێکهاتووە و هەر بەشەو ناوی تایبەتی خۆی هەیە. لە خوارەوە هەوڵ دەدەم بە کورتی هەندێ تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم رۆمانە بخەمە بەر باس:

@KURDISHBOOKHOUSE

### ١. شێوازی زمانیی تایبەت

ڕۆمانی کوردی لە لایەکەوە لە ژێر کارتێکەریی پەخشانی کوردیدایە و لە لایەکی تریشەوە کاریگەریی لەسەر پەخشانی کوردی داناوە. واتە، پێوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان پەخشان و ڕۆمانی کوردیدا لە ئارادایە و هەر وڵجۆرە هەڵکشان و داکشانێک لە یەکێکیاندا ڕاستەوخۆ لەویتر ڕەنگ دەداتەوە. تەمەنی پەخشانی کوردی کورتە. بێجگە لە *مناجاتنامە* کەی مەولانا خالید، گەر *مەولودنامە* کەی شێخ حسێن قازی بە یەکەم نموونەی پەخشانی سۆرانی و هەندێ بەرهەمی مەلا مەحموود بایزیدی بە یەکەم نموونەکانی پەخشانی کرمانجی دابنێین، ئەوا لە سەدە و نیوێک تێناپەڕێ. بێجگە لەمەش، پاش ئەم ڕێککەوتە، ڕووبەڕووی دابڕانێک لە پەخشانی کوردیدا دەبینەوە کە نزیکەی نیوسەدە دەخایێنێ. لە دەستپێکی سەدەی بیستەمیشدا، لە بیستەکانەوە تا دەستپێکی چلەکان، گەرچی پەخشانی کوردی بایەخی پێدەرا و گەلێک نموونەی پەخشانی کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و تەنانەت لە دووتوێی هەندێ کتێبیشدا بڵاو کرانەوە، بەڵام بە گشتی ئاستێکی نزمی بۆ خۆی تۆمارکردووە، چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە و چ لە باری چەندایەتییەوە بە بەراورد لەگەڵ پەخشانی فارسی یان تورکی و عەرەبیی ئەو سەردەمە.

لە پاڵ ئەمەشدا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، شۆڕشەکانی کورد لە باشوور و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەقامنەگرتووی ئەو قۆناغە مێژووییە، دامرکاندن و بەخۆداشکاویی ڕۆشنبیران لە ڕۆژهەڵاتی ئەو سەردەمە و، سانسۆری لە ڕادەبەدەر لە باکوور لە پەنجاکان و شەستەکان و هەفتاکانی زایینیدا، هەر جۆرە مەودایەکی خۆدەرخستنیان لە ڕۆمانی کوردی سەندەوە. ڕاوەستانی ڕەوتی گەشەی ئەدەبی چیرۆکی کوردی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بێجگە لەچەند نموونەیەکی دەگمەنی دیاریکراو، پێش هەموو شتێ کاریگەریی نەرێنیی بەسەر پەخشانی کوردییەوە بەجێ هێشت. گەرچی لە هەفتاکان بەم لاوە پەخشانی کوردی بە شێوەیەکی باش گەشەی سەند، بەڵام تەنانەت ئەوڕۆکەش ڕووبەڕووی گەلێک کێشە دەبینەوە لە پەخشانی کوردیدا، بە تایبەت کاتێ باسی تۆمارکردنی ڕاستەقینەی لەحن و شێوازی زمانیی کەسایەتییەکان دەبینەوە، یان لە ساتەوەختی زاراوەسازیدا و یاخود لە خەمڵاندنی ڕستە بە ڕواڵەت ئاڵۆز و نادیارە فەلسەفییەکاندا.

مەنسوور تەیفووری، پێش بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانەش، ئەوەی پیشان دابووین کە یەکێکە لە کوردیزانە گەورەکان. ئەو هەر لە کۆنەوە بەهرەی خۆی لە بواری وشەبژێرییەوە خستە ڕوو. چەند ساڵ بەر لە ئێستا کاتێ پرسیارم لێکرد بۆ «فرافکنی» چی دابنێین، لە وڵامدا وتی «دیهاوێژی» باشترین بژاردەیە چونکە واتە هاویشتن بۆ ئەویدی. ئەم پێشنیارەی مەنسوور ڕێوڕاست لەگەڵ هەر سێ هاوواتا فارسی و ئینگلیسی و فەرەنسییەکەیدا دێتەوە. لەم ڕۆمانەشدا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ وشە دەبینەوە کە گەرچی پێشتر بەکار نەهێنراون یان زۆر بە کەمی دەرکەوتوون، بەڵام مەنسوور وای خەمڵاندوون کە لە کوردیی ڕەسەن دەچن. نموونەی ئەم وشانە لە ڕۆمانەکەدا بریتین لە: تەرماوتەرم، ڕاوەمرۆڤ، لەعنەتاوا، تەختەزمان، چۆڵستان، بجووڵ، پوولەکەچن، تیرێژکفت.

لە ئاستی ڕستەشدا، پارچەپارچەبوونی ناسنامەی کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە لێکدابڕاوێتیی زمانیی لێ کەوتۆتەوە. واتە، هەر پارچەیە و شێوازی زمانیی تایبەتی خۆی هەیە. هەندێجار ڕستەکان کورت و ساکار و بێگرێن چونکە بابەتەکە لەوێ وەسفی و ڕاستەوخۆ و پەیامنێرانەیە. ئەم شێوازە لە ڕۆمانی کوردیدا فرەپاتە و لەم ڕۆمانەشدا بە کار هێنراوە. بەڵام ئەوەی گرنگە تێکدانی ڕەوتی مەنتیقیی ڕستە و

واتاکانە. ڕستەکان درێژ دەبنەوە و خاڵ جێگەی خۆی دەداتە کاما. هەندێ دەستەواژە بەردەوام دووبارە دەکرێنەوە. ئەمانە کۆمەڵێ ڕێگان بۆ نواندنەوەی ڕێک و وردی شەپۆلی نەوەستاوی زمانی دەروونی کەسایەتییەکان:

دواجار کە هێنامیەوە تۆ لەوێ بوویت، من ئینکارتم کردبوو و وتبووم کە ناتناسم، وتبووم هیچ نییە. هاتبووم چاوەکانت ببینمەوە. کوانێ چاوت؟ ئەم سەرما دزە دەکاتە هەموو شتێکەوە، کوانێ گلێنەت؟ ئەم سپییەی ئێرە ئەیەوێ هەرچی ڕەنگ هەیە بیخوات، کوانێ چاوت؟ ئەم ڕووناکییە دەیەوێ ڕەشیی چاوتم بیر بباتەوە، سووریی خوێنتم بیر بباتەوە، کاڵیی قژتم بیر بباتەوە، کوانێ چاوت؟ (١٤١)

زمانی خوازەیی هەندێ شوێنی دەقەکە و بەکارهێنانی هێماکان لەواندا، چ بە مەبەستی خولقاندنی شاراوەیی بێت و چ لە پێناو بەخشینی واتای تایبەت بە کەسەکان، تایبەتمەندییەکی تری شێوازی زمانیی ڕۆمانەکەیە. لەم جۆرە نموونەگەلە لە ڕۆمانەکدا زۆرن:

دواجار لە زیلەکان دایان گرتین و هێنایانین بۆ سنە. لەوێ وتیان ناو، وتم سێوێک بووین لەو ناوە کەتبووین، سێوی هەڵەبجەین، هاتووین بۆ سنە، لەو لای سیروانەوە تلمان خوارد کە زرمەیەک هات هەمووی وەراندین، سیروان ڕۆیشت و مە سەر ئاو کەوتین. یان ماسی، یان سێو، چارەی تر نەبوو. (هەمان)

هەندێجار خێرایی گێڕانەوەکە توندە. ڕستەکان کورتن. بە پەلەن. هەندێجار دەروون قەرەباڵغە و دڵەڕاوکێ و دڵەخورپێ سەرانسەری پەخشانەکەی ئەو لاپەڕەیەی گرتۆتەوە و مەنتیقێکی دیاریکراو تێیدا بەدی ناکرێت. بە پێچەوانەوە، هەندێجار، گەڕیانی گێڕانەوەکە هێمنە و ڕەوتی وەسفەکان ئاساییی؛ ئەمانە ئەو بەشانەن پێوەندییان بە کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەوە نییە و یاخود هی ئەو کاتانەن لەسەرخۆ و هۆشیارە.

خاڵێکی تری گرنگ سەبارەت بە شێوازی زمانیی لەم ڕۆمانەدا بریتییە لە خۆڕێکخستنی پەخشانەکە لەگەڵ وەرزەکان یان جووڵەکان. واتە، لە وەسفی ڕووداوەکانی ساتێکی دیاریکراو یان دۆخێکی زەینیی تایبەتدا زمانەکە هاوشانی شوێنکاتەکە خۆی ڕێک دەخات. ئەم نموونەیەی خوارەوە زیاتر لە پارچە هەڵبەستێکی ئەویندارانە دەچێ تاکوو پەخشانی نێو ڕۆمانێک دەربارەی کارەساتێکی دڵتەزێن:

هێند توند خەوی تۆم بینیوە، هێند قسەم کردووە، هێند ڕێم کردووە، هێند سێبەرەکەتم خۆش ویستووە، کە هیچم لە تۆ بۆ خۆم جێ نەهێشتووە. جگە ئەوەی سێبەرێک بم لە نێو سێبەرەکاندا، سەد ئەوەندەی سێبەر سێبەرتر. (٢٨)

@KURDISHBOOKHOUSE

لەو دەقەی سەرەوەدا، گێڕەوە بەسەرهاتی شاعیرێکی کۆن دەگێڕێتەوە و هەر بۆیەش هەوڵی داوە زمانێکی لیریک دروست بکات و کەشێکی ڕۆمانتیک بخوڵقێنێ؛ کەچی لەم دەقەی خوارەوەدا کە دەیەوێ ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقان بە هۆی کارەساتێکەوە بنوێنێتەوە کەشێکی سورڕیال دەسازێنێ و لە ڕێگەی بە کار هێنانی ناوی چەندین گیانەوەرەوە لە ئاکامدا خوازەیەکی بەربڵاوی ئاراستە کردووە:

گەیشتینەوە دارستانەکە، کە ببووە چناری سێو، سیروان خەریک بوو کرمەکرم سێوی دادەکرماند، ئینسانت دەدی بە سەر سیروانەوە سوار ببوو و سێوی دەخوارد، سەگ و گورگ پێکەوە بە سەر سیروانا دەڕۆیشتن و سێویان دەخوارد، جامانە و بووک دەڕۆیشتن بە سەر سیروانا و سێویان دەخوارد (۱۰۳)

*ژیانەوە بە کاتی سیروان* نەک هەر نموونەیەکی دڵخوازی پەخشانی کوردیی پێشکەش کردووە، بەڵکوو ئەوەشی پیشان داوە کە زمانی کوردی بە کەڵکوەرگرتن لە پۆتانسیەل و تایبەتمەندییەکانی دەتوانێ ئاوڕ لەو بابەتانەش بداتەوە کە پێشتر لەو زمانەدا تاقی نەکراونەتەوە یان کەمتر ئاماژەیان بۆ کراوە. هەر بۆیەش، دەکرێ شێوازی زمانیی ئەم ڕۆمانە بە یەکێک لە نموونە سەرکەوتووەکانی پەخشانی کوردی لە قەڵەم بدەین.

### ۲. فۆرمی نوێخوازانە

نەک هەر لە ڕۆماندا و بەڵکوو لە زۆربەی بەش و چەشنە ئەدەبی و هونەرییەکانماندا ڕووبەڕووی گرفتی فۆرم دەبینەوە. کێشەی فۆرم لە مۆدێرنیزمی ئەدەبی و هونەریدا سەرهەڵدەدات و بە هیچ جۆرێ لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا گرفتی فۆرم لە ئارادا نییە. گرنگی نەدان بە کێشەی فۆرم لە ئەدەب و هونەر و تەنانەت فەرهەنگی هاوچەرخی کوردیدا و خۆپاراستن لە ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرسە گرنگەی دنیای ئێستامان چەندین لێکەوتەی جیاجیای نەرێنیی لێکەوتۆتەوە کە گرنگترینیان شپرزەیی و پاشاگەردانی فۆرمە لە ئەدەب و هونەر و فەرهەنگی کوردیدا.

ڕۆمانی کوردی  کەمتر لە ڕووی شێواز و ناوەرۆک و بنواتا و سەرەکواتا و تەنانەت بەشێکی زۆری ماکە چیرۆکییەکانەوە ڕووبەڕووی گرفت بۆتەوە. تەنانەت کەمتر گرفتی زمانیشی هەیە. بە باوەڕی من، گرفتی سەرەکی لە ڕۆمانی کوردیدا تەنها گرفتی فۆرمە. *ژیانەوە بە کاتی سیروان* لە هەندێ ڕووەوە بایەخی داوەتەوە جێگە و پێگەی گرنگی فۆرم لە گێڕانەوەدا. بەڵام دیسانەوە ئەم ڕۆمانەش نەیتوانیوە بگاتە دەستەبەر کردنی ئەو فۆرمەی کە دەتوانین وەکوو فۆرمی مۆدێرنیزمی کامڵی ئەدەبی ناوی لێبەرین.

ئەم ڕۆمانە گەرچی دەستی داوەتە هەندێ نوێکاری لە ئاستی وشە و ڕستەدا و، تەنانەت لە ڕووی خاڵبەندی و ڕستەسازی و کۆوشەداڕێژی و پەرەگرافبەندیشەوە بە هەستیاری و وردبینییەوە مامەڵەی کردووە و، گەرچی هەر بەشێکی ڕۆمانەکە ناوێکی تایبەتی لێنراوە و ئەمەش ئەو تایبەتمەندییە کەمتر لە ڕۆمانی کوردیدا دەبیندرێ، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم ڕۆمانە هەندێ تەکنیکی نوێکارانەی لە خۆ گرتووە کە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی فۆرمێکی تایبەت کە دەکرێ بە فۆرمی مۆدێرنیستی ناوی لێبەرین. هەندێ لەو تەکنیکانە بریتین لە:

مۆنۆلۆگی پێچەڵپێچی بە رواڵەت تاکبێژانە و لە بنەڕەتدا چەندلایەنە
تێکەڵکاریی گۆشەنیگاکان
زۆریی گێڕەوەکان
گێڕانەوەی دراماتیک
وتووێژی ناوەکیی نێوان زەینییەتەکان
لێکدابڕاوێتی واتایی
تەوس و ئایرۆنی
تیلنیشانی فۆلکلۆریک بە چەشنێکی تەوساوی

شێوەی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بە گشتی کلاسیک نییە، بە تایبەت لە رووی گۆشەنیگا و جۆری وتووێژەکانەوە. گۆشەنیگاکان سێیەم کەسی کلاسیکی و یەکەم کەسی سەرەکی یان لاوەکی نیین، بەڵکوو بەرەوڕووی چەندین گۆشەنیگای چەندین گێڕەوە دەبینەوە کە هەندێکیان بریتین لە کەسایەتیی سەرەکی، دیوار، زیندان، بڵندگۆ، گۆم و کەسانی تر. زۆربەی وتووێژەکان وەسفی و بابەتیانە نین چونکە دەلالەت دەکەنە سەر وەسفی واقیعی ناوەکی، واتە دەروونی کەسایەتییەکان، نەک وەسفی واقیعی دەرەکی.

لەم ڕۆمانەدا واقیعی دەرەکی بە هۆی شەڕ و دەربەدەری و سنوور و خیانەتەوە هەندێجار لە ناو چووە و زۆربەی کاتەکان بۆ کەسایەتییەکە مانایەکی ئەوتۆی نییە و گرنگی ناداتێ. واقیعی یەکەم بۆ کەسایەتیی سەرەکی لەم ڕۆمانەدا هەمان واقیعی ناوەکیی زەینە. بەڵام، دیسانەوەش، ئەم واقیعە ناوەکییە، ڕێوڕاست وەک واقیعی دەرەکی، لە ناو چووە چونکە ئاڵۆز و ناهاوسەنگە و لە ئەنجامیشدا دەبێتە شەرگەی ململانێی سوبژێکتیڤیتەکانی ناسنامەی کەسایەتی. مرۆڤ وا دەفکرێ لەم جۆرە ڕۆمانگەلەدا و بە هۆی بابەتی ڕۆمانەکەوە ڕووبەڕووی وەسف و نواندنەوەی گوتارە ئایدیۆلۆجیکەکان دەبێتەوە، کەچی مەنسوور بە باشی ئاگاداری ئەوەیە لە حاڵەتی وادا ڕەنگە دەقەکە لە لێواری ئایدیۆلۆجیکبوون نزیک ببێتەوە و ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی داڕووخانی ئەدەبییەتی ڕۆمانەکە. کەواتە، ئەوەی لەم ڕۆمانەدا زیاتر تیشکی خراوەتە سەر، کێشەی دەرەکیی نێو گوتارە ئایدیۆلۆجیکەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمی کوردستان نییە، بەڵکوو نواندنەوەی جێگۆڕکێ و گۆڕانی جێگە و پێگە و دیاریکردنی دەوری بگۆڕی سوبژێکتیڤیتەکانە لە دەروونی کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا.

فۆرمی ئەم ڕۆمانە پێکهاتەمەند و هەڤگرتووە. مۆنۆلۆگەکان دووورودرێژن و هەندێکیشیان دراماتیکن. هێماکان بریتین لە ماسی، سێو، گۆم، شەو، سنوور، چنار و تەرم. تەنانەت هەڵەبجە و باشماخ و سنەش لەم ڕۆمانەدا پێش ئەوەی ناوی شوێنێکی جوگرافیایی دیاریکراو بن، هەڵگری واتایەکی خوازەیی و هێماییین لە مێژووی هاوچەرخی کورددا. بەشێکی زۆری ئەم هێماگەلە (وەک شەو، ئاو، تەرم و گۆم) لە ڕاستیدا هێمای ناخودئاگان. ڕۆمانەکە ویستوویەتی لە ڕێگەی چەندپاتەوە کردنی ئەم هێمایانەوە زەینی ناخودگا و ناهۆشیاری کەسایەتیمان زیاتر بۆ وەدەرخات و بەردەوام ئەوەش وە بیر خوێنەر بهێنێتەوە کە تۆ لێرە لە دنیای واقیعی ناوەکیی زەینییەتی کەسایەتیدایت. ئەمەش هەوڵێکی ترە ڕۆمانەکە تاقی دەکاتەوە بۆ

دەربازبوون لە مامەڵەی زۆربەی ڕۆمانە ریالیستییەکان لەگەڵ وەسفی واقیعدا و هەنگاوێکە بۆ راگوێزرانی پنتی ڕووداوەکان لە واقیعی دەرەکی ریالیزمەوە بۆ واقیعی ناوەکی سورریالیزم. بەرجەستە کردنەوەی دنیای ناوەکیی دەروون، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەروونناسانەی و پێشینەیەکی دەڕونشیکارانەی پێویستە و مەنسوور لەمەشیاندا تا رادەیەک سەرکەوتوو بووە.

لە وتارێکی چەند ساڵ لەمەوبەردا باسی پێوەندیی دوو ئاستی ژێرخان و رووخانی زمانم کردووە و ئاماژەم بۆ ئەو بابەتە کردووە کە شێوازی زمانیی ئەدەبی مۆدێرن (سورریالیزم بە نموونە) لەگەڵ ئەدەبی لەیتمۆدێرن و پۆستمۆدێرن لە هەندێ ڕووەوە هاوبەشن. یەکێک لەم خاڵە هاوبەشانە بریتییە لە لێکدابڕاوێتیی واتایی، کە خۆی لە لێکدابڕاوێتیی زمانیدا دەبینێتەوە. فۆرمی لێکدابڕاوێتی زمانی زۆرجار لە فۆرمی ژێرخانی زمان نزیک دەبێتەوە و تەنانەت هەندێجاریش یەکێکن. راستە من لە وانەکانمدا بە تێر و تەسەلی باسی جیاوازییە مەعریفی و شێوەیی و واتاییەکانی ئەدەبی چیرۆکی نوێخوازانە و پاشنوێخوازنە دەکەم، بەڵام بەردەوام ئەوەشم وە بیر هێناوەتەوە کە لە هەندێ تەکنیکدا وێکچوون. لەم ڕووەوە پۆست-مۆدێرنیزم ئیدی بەرهەڵستکار و رەخنەگری مۆدێرنیزم نییە، بەڵکوو درێژەیەتی. پارچەپارچە بوونی زەینییەت و نابەردەوامیی هۆشیاریی و ناهاوسەنگیی دەروونیی کەسایەتی، بەشێکن لە مۆرکە هاوبەشەکانی هەر دوو ئەدەبی چیرۆکی مۆدێرنیستی و پۆست-مۆدێرنیستی و، تێکڕا لە ئەنجامدا لێکدابڕاوێتییان لێ دەکەوێتەوە. لە *ژیانەوە بە کاتی سیروان*دا ئەوەی لایەنی زاڵی بەشێکی بەرچاوی فۆرمی گێڕانەوەکەی پێکهێناوە، هەمان لێکدابڕاوێتییە.

کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە تووشی چەندین نەخۆشیی دەروونیی جیاجیا هاتووە کە وێڕای لەخۆناموویی، بەخوداشکاویی، خەمۆکی و پارانۆیا، گرنگترینیان بریتییە لە سکیتزۆفرێنیا. لەم ڕۆمانەدا باری تێکدراوی ناهاوسەنگی پارچەپارچەبووی دەروونی کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە توانراوە لە ڕێگەی فۆرمێکی لێکدابڕاو و کۆمەڵی وەسف و وتووێژی لە رواڵەتدا ئاڵۆز و بەڵام لە بنەرەتدا حەقیقییەوە بە یەکێک لە باشترین شێوەکان بنوێندرێتەوە.

لە درێژەی گەڕان و بەسەرهاتەکانیدا، کەسایەتیی سەرەکی موعتاد دەبێ و بە کارهێنانی مادە هۆشبەر و سڕکەرەکان ئەوەندەی تر ئەم دۆخە دەروونییە تێک دەدات. لە پاڵ ئەمانەشدا، گەرچی کەسی وا لە سیستەمی فەرهەنگی ئەوسا و ئێستای کوردستاندا خاوەنی جێگە و پێگەیەکی دیار نییە، بەڵام ئەمە بۆ ئەو گرنگ نییە و بیری لێ ناکاتەوە چونکوو بە تەواوەتی ڕۆچۆتە نێو واقیعی ناوەکیی خۆیەوە. گرنگیدان بە نواندنەوەی کەسایەتییەکی لەم چەشنە لەم ڕۆمانەدا لە راستیدا بایەخدانە بەو بابەتەی چەند ساڵ بەر لە ئێستا وەکوو زەرووەرەتی ئەدەب و هونەری کوردی باسم لێوە کرد و ناوم نا نواندنەوەی «هاوکێشەی جوانیناسانەی هاوچەرخ» لە ئەدەب و هونەری ئێستای کوردیدا. ئەم خەسڵەتە زیاتر گرێمان دەداتەوە بە مۆدێرنیتەوە و دەتوانێ بە شێوەیەکی بەرفراوانتر مۆدێرنیزممان بۆ بنەخشێنێ. هەڵبەت بەو مەرجەی لە نواندنەوەی هاوکێشەگەلی جوانیناسانەی هاوچەرخدا هەردەم سەرنجی دەوری گرنگی فۆرم بدەین.

یەکێکی تر لەو تەکنیکانەی بە هەڵکەوت لە دەقێکی ئەدبیی کوردیدا وە بەرچاو دەکەوێت و لەم ڕۆمانەدا بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەرگیراوە بریتییە لە تەوس یان ئایرۆنی. چەندین نموونەی سەرکەوتووی تەوس لەم ڕۆمانەدا هەن وەک ئاوڕدانەوە لە مێژووی دروست بوونی باشماخ، تیلنیشانە

تەوساوییەکان بۆ میسر و چیرۆکی مووسا پێغەمبەر، ناونیشانی عەرەبیی بەشێکی ڕۆمانەکە و، وەسفی رەگەزێکی نوێ لە بوونەوەران بە ناوی تەختەزمانان.

ئەم بەرهەمە گەرچی ناچێتە خانەی رۆمانی ریالیستییەوە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە یاد بێ کە بنەڕەتەکەی بە شێوەیەکی قایم لە واقیع و بابەتی واقیعدایە. دانەری ڕۆمانەکە، پێشتر بەشێکی توێژینەوەکانی تەرخانکردووە بۆ خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە و لەم پێناوەشدا چەندین بەڵگە و بیرەوەری کۆکردۆتەوە و تەنانەت دروشمەکانی ئەو سەردەمەشی بە مەبەستی باشتر تێگەیین لەو هەلومەرجە تۆمار کردووە. لە پاڵ ئەمەشدا، گەرچی خاوەنی فۆرمێکی نارێککەوتنییە لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگیشی داوەتە فۆلکلۆری کوردی و دەتوانین ڕەنگدانەوەی داب و نەریتی کوردەواریشی تێدا بەدی بکەین. بۆ وێنە، دەرکەوتنەوەی ئەو بەردە بچووک و خڕ و سافەی لە نەریتیی کۆنی فەرهەنگی کوردەواریدا بە مەبەستی بەدیهاتنی نزا و ئامانجەکان بە کێلی مەزارگەیەکی پیرۆزەوە دەنووسا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا و لە لایەن کچێکەوە نموونەیەکە بۆ پیشاندانی جێگای فۆلکلۆری کوردی لەم گێڕانەوە مۆدێرنەدا .

*ژیانەوە بە کاتی سیروان*، سەرەڕای هەوڵە سەرکەوتووەکانی بۆ نواندنەوەی ڕووداوەکان و دۆخی زەینیی کەسایەتییەکان بە شێوەیەکی راستەقینە و بەڵام هونەرمەندانە، دیسانەوە لە رووی دەستەبەرکردنی فۆرمێکی کامڵی مۆدێرنیستییەوە کەموکورتی هەیە. بە واتایەکی تر، ئەم ڕۆمانە بەشێکی زۆری تەکنیکە مۆدێرنیستییەکانی بە کار نەهێناوە و هەر بۆیەش ناتوانێ بچێتە خانەی ڕۆمانی مۆدێرنیستیی تەواو و کامڵەوە. خوێنەری زیرەک تامەزرۆ بوو لەم ڕۆمانەدا چەندین نموونەی شەپۆلی هۆشیاری و پەخشانی ئازادی لیوانلێو لە وەبیرهاتنەوەی واتاکانی بدیبایە؛ یان، هەندێ نموونەی زیاتری لە نوێوشەبژێری و تیلنیشانی تەوساوی وە بەرچاو بکەوتبایە و بە شێوەیەکی بەرچاو تایبەتمەندییەکانی بانچیرۆکی تێدا بەرجەستە ببوایاتەوە. لە رووی واتا مۆدێرنەکانیشەوە، زیاتر بایەخی بدابایەتە هەندێ نموونە وەک کاڵبوونەوەی بەهاکان و بۆشایی کەسایەتییەکانی ئێستا لە رووی ڕۆحییەوە.

گرنگی نەدان بە فۆرم لە ئەدەبی کوردیدا چەندین هۆکاری سەرەکی هەیە و ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە. گەر سەرجەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییە مۆدێرنیستییەکانی رۆژئاوا بەسەر دوو گرووپی گەورەدا دابەش بکەین، ئەوا لە نێو گەلانی رۆژهەڵاتدا و لەبەر چەندین هۆکاری جیاجیا زیاتر گرنگی درایە ئەو گرووپەی گرنگییان بە فۆرمی مۆدێرنیستی نەدەدا. واتە، لە بری خوێندنەوەی مۆدێرنیزمی کامڵی ئەدەبی و هونەری، چووین بە دوای ئەدەبی ڕۆمانتیستیی نوێ یان کلاسیستی هاوچەرخ یان مۆدێرنیستی ناتەواو و رووکەشیانەی سەدەی بیستەم. هەر بۆیەش، بەشێکی زۆری نووسەران و خوێنەرانی کورد لە جیاتی خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەرانی گرووپی یەکەم (وەک جۆیس، وۆڵف، فاکنێر و گوڵشیری) گرنگییان دایە نووسەرانی گرووپی دووەم (وەک عەلەوی، مەحموود، شتەینبک، دیکنز و هاردی).

لە ئەزموونی بیست ساڵەی وتنەوەی وانەکانی ئەدەبی ئینگلیسی لە زانکۆ، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە هەر کاتێ بەرهەمێکی مۆدێرنیستی کامڵ لە پۆل دەخوێنمەوە، شتێکی تازەتری تێدا دەبینمەوە و لە گەلێک روانگەوە دەیخەمە بەر ڕەخنەکارییەوە، کەچی گەر بێتوو بە ناچاری بەرهەمێکی ریالیستی یان مۆدێرنیستیی سادە لە پۆلدا بخوێنینەوە، تێدەگەیین نەک هەر باسی بابەتی رۆژمان بۆ ناکات بەڵکوو وردەکارانە و دەروونناسانەش نییە و لە بۆچوونە ڕەخنەییەکانیشەوە ناخوێندرێتەوە جا چ کۆمەڵناسانە بێ و

چ دەروونناسانە یاخود فەلسەفی و ماتێریالیستی. ئەو جۆرە بەرهەمانە تەنانەت لە رووی وشەبژێری و پێکهاتەسازیشەوە ساکار و لاوازن. من ناتوانم پێوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە دەقانەدا ساز بکەم و ئەمەیە هۆکاری نەنووسین لەسەر بەشێکی زۆری رۆمانە کوردییەکان لە لایەن منەوە.

من لایەنگری نوێکارییم لە فۆرمدا. ناوەرۆکەکان بەشێکی زۆریان کۆن و دووبارەیین. لە ئەدەب و هونەردا مژار گرنگ نییە بەڵکوو چۆنیەتی خەملاندنی گرنگە. جۆری کەسایەتی گرنگ نییە، چۆنیەتی پەروەراندنی گرنگە. تەنانەت تا رادەیەکیش ناوەڕۆکی چیرۆکم بە لاوە گرنگ نییە، چۆنیەتی نواندنەوەکەی گرنگە بۆم. چۆنیەتیی گێڕانەوە بەر لە هەر شتێک خۆی لە فۆرمدا دەبینێتەوە.

گەرچی *ژیانەوە بە کاتی سیروان* رۆمانێکی مۆدێرنیستیی کامڵ نییە و لە رووی فۆرمەوە کەموکوڕی هەیە، بەڵام بەم حاڵەشەوە پلەیەک لە سەرووی بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەدەبی مۆدێرنی چیرۆکی کوردیدایە. رۆماننووسی کورد هیچ رێگایەکی تری لە بەردەمدا نییە بێجگە لە بە کارهێنان و تاقیکردنەوەی تەکنیکە مۆدێرنەکانی گێڕانەوە. لێرەدا پێویستە جیاوازییەک قایل بین لە نێوان تەکنیکی مۆدێرن و تەکنیکی مۆدێرنیستیدا. مەبەستی من گرنگایەتی تەکنیکە مۆدێرنیستییەکانە چونکوو بەشێکی زۆری تەکنیکە مۆدێرنەکان لە رۆمانی کوردیدا رەچاو کراون. خوێنەری تامەزرۆ بۆ ئاگاداربوون لە تەکنیکە مۆدێرنیستییەکان دەتوانێ ئەو نامیلکانەی من بخوێنێتەوە کە تێیاندا بە وردی باسی زیاتر لە بیست و پێنج تەکنیکی مۆدێرنیستی گێڕانەوە کراوە و بەشێکی زۆریان لە رۆمانی کوردیدا بزرن.

### ٣. کەسایەتی تراژیک و دژەپاڵەوانێکی سکیتزۆفرێنیک

لە هەندێ شیعری بەناوبانگی مامۆستا هێمن-دا پێرسۆنا ئەو کەسەیە کە سەرەتا دەیەوست میلەتەکەی بێخەم بکات، بەڵام ئێستا بەخۆدا شکاوەتەوە و بێهیوایی و هەڵرسکاوی سەرانسەری بیر و هۆشی گرتۆتەوە. لەم رۆمانەدا، کەسایەتیی سەرەکی تووشی ئیسکیتزۆفرێنیا یان دەروونلێکدابڕاوی هاتووە و بە تەواوی هەست بە ئازارەکانی ئەم نەخۆشییە دەروونییە دەکات. ئەو زمانی خۆی قرتاندووە نەکا نهێنییەکان بدرکێنێ. ئەو شێوەیەی خۆی خۆی لاڵ ئەکات بە تەواوی سەرنجڕاکێشە: ئەو زمانی خۆی قووت داوە. پاشان، لە دەرەوەی زیندان موعتاد دەبێ. لێکدابڕاوێتیی دەروونیی کەسایەتییەکە بە هۆی بە کار هێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە پێشڤەچوونی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ. زۆربەی نیشانەکانی ئەم نۆخشییە دەروونییە سەختە، لە رۆمانەکەدا رەنگیان داوەتەوە، هەر لە وەهم و ورێنە و ترس و تۆقانی زۆرەوە بگرە تا ئاڵۆزیی گوتەیی و بیستنی دەنگە جیاجیاکان لە مێشکی کەسایەتییەکەدا، بە جۆرێک کە هێزی قسەکردنی رێکوپێک و مەنتقی لە دەست داوە.

هەر هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو هەوڵی پێشکەوتنی دەدا، ئێستا بۆتە هۆکاری بەرەوپێشچوونی نەخۆشییەکەی و تەریکیی کۆمەڵایەتیی بۆ بەرهەم هێناوە. ئێستا ئەو خاوەنی کەسایەتییەکی سکیتزۆفرێنیکە و بۆ بەشێک لە ئەندامانی کۆمەڵگا بۆتە مایەی بەزەیی و بەشێکی تریش سەرنجی نادەنێ و بەشێکیش دوورەپەرزێن لێی. چارەنووسی رۆمانتیک و نۆستالژیکی کەسایەتی لە شیعری هێمندا کە دەبێتە مایەی هاوسۆزی خوێنەر لەگەڵیدا، تا رادەیەکی زۆر لەم رۆمانەدا گۆڕدراوە و بۆتە چارەنووسی تراژیکی کەسێکی لەخۆنامو و نەخۆش، کەسێک کە خوێنەران نایانەوێ لەگەڵیدا هاوتاسازی بکەن. ئەو

چونیەکباوەڕییەی خوێنەری مامناوەندی لە زەینی خۆیدا لەگەڵ پێرسۆنای شیعری هێمندا سازی دەکات لێرە لە گۆڕێدا نییە.

لەم ڕۆمانەدا گێڕەوە و خوێنەر هاوکات پێکەوە دەنگی کەس و شتە جیاوازەکان دەبیستن: دەنگی زیندان، زیندانییە پێشووەکان (واتە دەنگی زیندانییەکانی پێش خۆیشی دەبیستێ کە لە هەمان ژووردا بوونە). دیوارەکان و تەنانەت خەتەکانی سەر دیوارەکان. یەکێک لەو دەنگانەی بەردەوام دەیبیستێ دەنگی بڵندگۆی شاراوەی نێو دیوارەکانە. ئەو دەبێ بەردەوام هەوڵ بدات دەنگەکان لێکدی جیابکاتەوە، بەڵام بە هۆی سکیتزۆفرێنییەوە توانای لێکدانەوەیانی نییە.

گێڕەوەی سەرەکی لە شەقامەکاندا بە دوای سیمای خوشکیدا دەگەڕێ. وا ئەزانێ خوشکەکەی خۆی کوشتووە. بە یارمەتی عەریزەنووووسێک هەوڵی ساغکردنەوەی مێژووی خۆی دەدات. ئەو دەیەوێ واقعییەت ڕزگار بکات لە ڕێگەی گێڕانەوەی بەردەوامەوە و، دەشیکات. گێڕانەوەکە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی باری دەروونیی گێڕەوەکەیە.

کەسایەتیی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، پاڵەوانی زۆرزان و بەهێزی ڕۆمانس و ڕۆمانە مێژووییەکان نییە؛ کەسایەتیی ئاسایی هەندێ ڕۆمانی ڕیالیستی نییە کە ژیانی بێبەها و دووبارەیی ڕۆژانە داگیری کردبێ؛ کەسایەتیی نۆستالژیکی هەندێ ڕۆمانی سروشتیخوازانە یاخود چیرۆکەشیعری هاوچەرخ نییە؛ ئەو تەنانەت کەسایەتیی ئەویندار و هەستیار و یاخود بێهیوا و نائومێدی غەزەڵی هاوچەرخ نییە. لێرەدا، بە پێچەوانەی ئەو نموونانەی سەرەوە، کەسایەتییەکە بۆخۆی دەزانێ کەسێکی ئاساییە و وەک هەمووان جارجارە ترسەنۆک و بێهیوا و ونە؛ بەڵام هەوڵ دەدات ئەوەی دەیزانێ بیگێڕێتەوە. ئەو وەک هەر کەسێکی ئاسایی دەترسێ  و پڕە لە دژوازی و زۆربەی کاتەکان توانای بڕیاردانی نییە. دوایی، بە سەختی و بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆرەوە، بڕیار دەدات لە ڕێگەی گێڕانەوەوە خۆی ڕزگار بکات.

لە پێناو گێڕانەوەدا، گرفتی سەرەکیی کەسایەتیی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە نازانێ چی دەزانێ، نازانێ کام بەشی زانیارییەکانی ڕاستن و کام بەشی ڕەنگدانەوەی زەینیی ئەون. گەرچی دەست دەکات بە کۆکردنەوەی بەڵگە، بەڵام دیسانەوەش ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بڕیار بدات. هەموو ئەمانە لە سکیتزۆفرێنیای ئەوەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەو، بەڵام، لە هەرچییەکدا کڵۆڵ و ناتەوان بێ، لە کارێکدا بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبات و بە پێداگرییەوە هەوڵی بۆ دەدات: واتە، گێڕانەوە. گێڕانەوە نەک هەر بە مەبەستی فەرامۆش نەکردنی ڕووداوەکان، بەڵکوو لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی. گێڕانەوە تەنها وەکوو ئەرکێک بۆ گێڕەوە پێناسە ناکرێ، بەڵکوو سەرجەم ژیان و دنیای ئەوی گرتۆتەوە و لە هەموو کارێکی تر بۆ ئەو گرنگتر و بایەخدارترە. وەک لە بەشی یەکەمدا وترا، شێوەی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا ئاسایی و خەتی نییە و ڕواڵەتێکی ساکر و یەکلایەنەی نییە. گێڕەوەی سەرەکی بە هۆی نەخۆشیی دەروونییەوە فۆرمی کاتمەند و چوارچێوەداری گوتەکانی ونکردووە و ڕۆمانەکەش هەوڵی داوە ئەو فۆرمە تاقی بکاتەوە.

**ئەنجام:**

مەنسوور تەیفووری لە توێژینەوەکانی پێش چاپبوونی ئەم ڕۆمانەیدا کاری لەسەر گۆڕانکاریی فۆرمەکانی دەسەڵات و شێوەی جیاواز و جێگۆڕکێی فۆرمەکان کردووە. لەم ڕۆمانەشدا فۆرمەکانی جیاوازی

بەرهەڵستکاری پیشان دەدات. لە سەرانسەری ڕۆمانەکەیدا پێکهاتە و فۆرمی نوێکارانەی ئەدەبیی ڕەچاو کردووە. وەک چۆن لە سیاسەتدا ئۆرتۆدۆکس نییە، لە ڕۆمانیشدا سونەتی یان ڕیالیست نییە. لەوێ باسی فۆرمە جیاوازەکانی بەرەنگاربوونەوە دەکات و لێرە فۆرمی ئەدەبیی نوێ پێشکەش کردووین.

لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە تام و چێژی جوانیناسانەی مۆدێرنم وەرگرت. بەرهەمێکی پڕناوەرۆکە و بە شێوەیەکی وردەکارانە و بە بۆچوونیکی دەروونناسانەوە ڕووبەڕووی بنواتا چەندپاتەوبووەکان دەبێتەوە. بنواتاکان وەک گۆ بە دەوری سەرەکواتادا دەسووڕینەوە. بنواتاکان بریتین لە ئێش و ئازاری جەستەیی و زیاتر دەروونی، شەڕ، بەندیخانە، نیشتمانپەروەریی، سیاسەتی ئۆرتۆدۆکس، ئاوارەبوون، دەربەدەری، گیرۆدەیی و لەخۆنامۆیی، و سەرەکواتاکەش بریتییە لە هەوڵدان بۆ گێڕانەوە لە ناخی دەرئەنجامە تراژیک و جەرگبڕەکانی لێکدابڕاوێتیی فیزیکی و دەروونیدا. گێڕەوە بەم کارەیەوە هەوڵی دەربازبوونی لە لەبیرچوونەوە و لە بیرکرانەوە دەدات. وەک چۆن ئاگامبێن پێی وایە ئەدەبیات لێرەوە لە دایک دەبێ، ئەم ڕۆمانەش دەتوانرێ وەکوو دەستپێکی ڕەوتێکی نوێ لە ئەدەبی چیرۆکی کوردیدا دابندرێ.

*سەرچاوە: «کەناڵی تلگرامی ماڵی کتێبی کوردی/@kurdishbookhouse»*

**بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بە ئاماژەدان بە سەرچاوە «کەناڵی تلگرامی ماڵی کتێبی کوردی/@kurdishbookhouse» ڕێگە پێدراوە.*
**بازنشر این مطلب با ذکر منبع «کانال تلگرام خانه کتاب کُردی «@kurdishbookhouse /بلامانع است.*